# ئەمریكا پابەند نییە بەو هێڵە سورەی ئیسرائیل بۆ سوریای كێشاوە

## حزبوڵڵا هاوكاری ئەسەد دەكات و ئیسرائیل بە هێڵی سوری دەزانێت

ئا: پیرەوەر بەهادین

IDEA DEPLOMATIC

لە مێژە دەوترێت كە رێكخراوە شیعەكەی لوبنان بە مەبەستی پشتیوانیكردن لە حزبەكەی بەشار ئەسەد، هێزی رەوانەی ئەوبەری سنور كردوە.

لە سەرەتادا تەنها بەڵگەی ئەو بانگەشەیە مەراسیمەكانی تایبەت بە بەخاكسپاردنی جاروباری شەڕكەرانی حزبوڵڵا بوو كە لە سوریادا دەكوژران، بە هیچ شێوەیەك رێژەی هێزەكانی حزبوڵڵا و ئەركەكەیان بۆ سوریا دیاری نەدەكرا.

بەڵام لەمدوایانەدا كەناڵەكانی راگەیاندن بەڵگەی سەلمێنریان سەبارەت بە رۆڵی حزبوڵڵا لە سوریادا دەستكەوت و حزبوڵڵا خۆشی روونترین نیشانەی لە دەستوەردانی ئاشكرا كرد.

ماوەی پێشوو حەسەن نەسرۆڵڵا، سەركردەی ئەو گروپە كە زۆر بە كەمی لەبەرچاوی جەماوەر دەردەكەوێت، لە وتارێكی تەلەفزیۆنیدا رایگەیاند:»هاوڕێیانی راستەقینەی سوریا رێگە نادەن ئەو وڵاتە بكەوێتە دەست ئەمریكا، ئیسرائیل یان ئیسلامییە توندڕەوەكان.»

نەسرۆڵڵا وتیشی، گروپە چەكدارەكان زۆر لاوازترن لەوەی كە بتوانن رژێمەكەی بەشار ئەسەد بڕوخێنن، لە درێژەدا وتی، كاتێك بەرهەڵستكاران هەڕەشە لە گوندەكانی ژێر كۆنترۆڵی حكومەتی سوریا دەكەن»سروشتیە



باراك ئۆباما

> **ئێمە لە بەرامبەر بەرهەڵستکاراندا کە گوللە بارانی گوندەکانمان دەکەن بەرگری لە نیشتمانەکەی خۆمان دەکەین، ئێمە بەرنگاریان دەبینەوە و بە سزای کردەوەکانیان دەگەیەنین**

کە حزبوڵڵا هەر هاوکاریەکی لەدەست بێت بۆ سوپای سوریا درێخی نەکات.».

سوریا لە ماوەیەکی پێش ئێستاوە هاوکاری پزیشکی و لۆجیستی پێشکەشی ئەو ئاوارە سوریانە دەکات، کە لە ناوچە شەڕلێدراوەکان رادەکەن. بەڵام لە چەند هەفتە پێش ئێستاوە هەمووان شایەتی ئەوە بوون کە چۆن شەڕکەرانی ئەو گروپە بە ئاشکرا و ئازادانە لە سنورەکانی لوبنان و سوریا تێپەڕ دەبن و هاوکاری سەربازی و پەروەردەیی پێشکەشی هاوپەیمانەکانیان لەو بەری سنور دەکەن.

**پەیوەندییە مێژووییەکان**

لێرەدا لە دۆڵی بیقاع»سنور»ی رەسمی نێوان لوبنان و سوریا مانایەکی ئەوتۆی بۆ دانیشتوانی زۆربەی گوندەکان نییە. کەمتر لە (100) ساڵ پێش خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە گوێرەی رێکەوتننامەی بەریتانی – فەرەنسی سایکس – بیکۆ و بە گوێرەی ئەو هێڵانەی کە واقعیەتەکان و پەیوەندی دانیشتوانی خۆجێی لە دارِشتنیدا لەبەرچاو نەگیرابوو، دابەشکرا. بەڵام لەمێژە دانیشتوانی ئەو ناوچانە بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو هێڵە سنوریانە، پێکەوە بازرگانی و هاوسەرگیری دەکەن و بە ئازادی لە ناو چیاو دۆڵەکاندا هاتوچۆ دەکەن.

شاری قەسیری سوریا کە گۆڕەپانی پێکدادانە توندەکانە دەکەوێتە ئەو بەری سنورەکەوە، ئەو شارە مەودایەکی ئەوتۆی لەگەڵ حومس نییە، بە گوێرەی وێنەکان و شایەتی دانیشتوانەکەی، چەکدارانی حزبوڵڵاش زیاتر لە جاران بەشداری جەنگ و پێکدادانەکان دەکەن و فەرماندەیی ملیشیا کەم ئەزمون و نارێکەکانی لایەنگری رژێمی ئەسەد دەکەن. سوپای سوریا گەورە و تەیارە، بەڵام بێگومان لە ژێر فشارێکی زۆردایە، لە دوو ساڵی رابردودا بە سەختی رووبەڕووی بەرهەڵستکاران و چەکدارانی ئۆپۆزسیۆن لە سەرتاسەری خاکی پان و بەرینی سوریا بوونەتەوە، دەرەنجام هەنگاوەکانی حزبوڵڵا لە قەسیر، حومس و ریفەکانی دیمەشق لە ستراتژی سەربازی حکومەتدا گرنگیەکی زۆری هەیە. دۆخی گۆڕەپانی جەنگ بە روونی لە گۆڕاندایە، لە گۆشەی باکوری خۆرهەڵاتی لوبنان هەردوو دیوی سنور لە کۆنترۆڵی حزبوڵڵا و هاوپەیمانە سوریەکانیدایە، ئەوان بانگەشەی ئەوە دەکەن لە پێشڕەویدان.

**«ئۆپەراسیۆنی هاوبەش»**

لەو بارەیەوە نێرداوەکەی (BBC) دەڵێت: ئێمە لە ژێر چاودێری»کۆمیتە خۆجێیەکانی خەڵکدا» توانیمان تا سنوری سوریا و ئەوبەری بڕۆین. لەلاکەی ترەوەلە سەر رووبارێکی باریک کە بە رەسمی سنورەکانی دوو وڵات لە یەکتر جیادەکاتەوە، سەربازانی سوری تێپەڕ دەبوون و ئێمەش لەو سنورە سەیرمان دەکرد.

ئەبو محەمەد، ئەندامی یەکەیەکی ملیشیایی لایەنگری حکومەتی سوریا، تەنها لە کاتێکدا ئامادەبوو چاوپێکەوتنمان لەگەڵدا بکات، کە لە خاکی سوریادا ئەنجام بدرێت. چاوپێکەوتنەکەی ئێمە لەگەڵ ئەو پڕمەترسی و کورت بوو، ئێمە تەنها چەند کیلۆمەترێک لەهێڵی پێشەوەی قەسیر دور بووین، دەنگی گوللەباران و تەقەکردن چاوپێکەوتنەکەمانی نیوەچڵ کرد. گفتوگۆ لە باخێکی بچوک لە بەردەم چەکدارانێکدا بوو، کە جلی سەربازییان لەبەردابوو، ئاشکرابوو کە لەو ناوچەیە حزبوڵڵا، سوپای سوریا و ملیشیاکانی لایەنگری حکومەت پێکەوە کاردەکەن، بەڵام سەربای شایەتیە ئاشکراکان، ئەبو محەمەد جەختی دەکردەوە کە حزبوڵڵا راستەوخۆ بەشداری جەنگەکان ناکات.»

کاتێک پرسیارمان لێکرد سەبارەت بە مەترسیەکانی دەستوەردانی گروپە لوبنانیەکانی وەکو حزبوڵڵا و ئەگەری ناجێگیربوونی ناوچە نائارامە سنوریەکان کرد، لە وەڵامدا وتی:»ئێمە لە بەرامبەر بەرهەڵستکاراندا کە گوللە بارانی گوندەکانمان دەکەن بەرگری لە نیشتمانەکەی خۆمان دەکەین، ئێمە بەرنگاریان دەبینەوە و بە سزای کردەوەکانیان دەگەیەنین.»

**جەنگ لە لوبنان**

لە کاتی گەڕانەوەماندا بۆ ناو خاکی لوبنان لە سەر پردێکی دارینی بچوکەوە لە سەر رووبارێک تێپەڕیین، (50) مەتر ئەولاتر، یەکەیەکی بچوکی سوپای سوریا لە پەنای یەکتربڕێکدا پاسەوانیان دەکرد. حکومەتی بەشار ئەسەد لانیکەم بەسەر ئەو ناوچەیەدا زاڵە، تەنانەت لە هەندێک ناوچە پاشەکشەی بە بەرهەڵستکاران کردوە، بەڵام ترسی سەرەکی لەوەدایە کە بەشداری حزبوڵڵا و گروپەکانی تری لوبنانی ببێتە ئەگەری تەشەنەکردنی جەنگەکە بۆ ناو خودی لوبنان و ئەو رووداوەش هەر ئێستا تا رادەیەک هاتوەتە ئاراوە.

لە ناو خاکی لوبناندا، شاری هرمل کە لە سنوریشەوە دورە، چەندینجار کراوەتە ئامانجی ئەنقەستی هێرشی نەیارانی حکومەتەکەی ئەسەد، چونکە ئەو

شاره پشتیوانی له بەشار ئەسەد دەکات و دەوترێت لەوێوە شەڕکەران رەوانەی سنورەکانی دیکە دەکرێن. دانیشتوانی شارەکە ئێمەیان بردە سەر بانی ماڵێکی سێ نهۆمی کەچەند رۆژ پێشتر رۆکێتێکی گەورە بەری کەوتبوو، ئەو رووداوە زیانی گیانی نەبووە.

بەڵام جگە لە کوژرانی زیاتر لە 80 هەزار کەس لە شەڕی ناوخۆییدا کە لە ناوخۆی خاکی وڵاتدا کوژراون، لەوبەری سنوریش ژمارەیەک هاوڵاتی مەدەنی کوژراون، هەڵبەت لەو ناوچەیەی لوبناندا هەمووان پشتیوانی لە چالاکیەکانی حزبوڵڵا لە ناو خاکی سوریادا ناکەن، یەکێک لە ریش سپیانی ناوچەکە بە ناوی ئەبو عەلاوە بە تامەزرۆیەوە باسی پەیوەندیەکان لەگەڵ ئەودیوی سنوری دەکرد بەر لە دەستپێکردنی جەنگ.

ئەو دەڵێت:»لە نێوان شیعەکاندا دەنگی میانڕەویش هەیە کە دەتوانن یارمەتیدەر بن لە چارەسەری کێشەکاندا.» بەڵام لە دۆخێکی وەهادا کە رۆژبەڕۆش بەرەو جەنگی تائیفی و مەزهەبی دەچێت، کەسانی وەکو ئەو لە کەمینەدان.

**ناکۆکیە قوڵەکان**

بە درێژبوونەوەی جەنگ، جگە لە سوریا، لە لوبنانیش کەلێنی نێوان سونەو شیعەکان بە شێوەیەکی مەترسیدار زیاد دەبێت، لە مزگەوتی سونەکاندا لە لوبنان، گەنجان بەرەو توندڕەوی هان دەدرێن. ئەو مەترسیەش لە شارێکی وەکو تەرابلوسدا بەرچاوترە. لەو شارە ململانێی تائیفی سوریا کاردانەوەی لە نێوان دانیشتوانی گەڕەکە جۆراوجۆرەکاندا هەیە و پیاوانی ئاینی بە بانگهێشتکردنی پەیڕەوانیان بۆ جیهاد ئەو ئاگرە زیاتر دەگەشێننەوە.

لە هەفتەکانی رابردودا ئیمامەکان بە ئاشکرا داوایان لە گەنجان کردوە بەمەبەستی بەشداریکردن لە جەنگدا بچن بۆ سوریا. هەڵبەت رەخنەگران، وەها لەنگاوێک تەنها بە نمایشێکی پروپاگەندەیی لەقەڵەم دەدەن، بەڵام کاتێک بە مەبەستی چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخ سالم رەفاعی سەردانی تەرابلوسم کرد، وتی، وەها کاردانەوەیەک بەرامبەر بە دەستوەردانی حزبوڵڵا لە جەنگدا پێویستە.

شێخ ئەو قسانەی کاتێک دەکرد کە لە ناو باخی ماڵەکەیدا دانیشتبووین و زنجیرە چیایەک کە ئەو بەشەی لوبنانی لە سوریا جیادەکردەوە، بەرامبەرمان بوو، ئەو وتی:»ئەمە فتوایەکی شەرعییە، حوکمێکی ئیلاهی و قورئانییە. لە سوریادا خەڵک سەرکوت دەکرێن و رووبەڕووی ستەمکاری بوونەتەوە، ژنان و منداڵان بوونەتە قوربانی دەستدرێژی و ئاوارەیی و کوشت و بڕ. کەواتە هەر لوبنانیەکی ئاسایی دەبێت بچێت بە دەم هاواری ئەوانەوە و خواوەند پاداشتی کارەکەیان دەداتەوە.

قەیرانی سوریا هەڕەشە لە داهاتووی لوبنانیش دەکات، هەرچی ئەو دۆخە بەردەوام بێت، سوپا و لایەنە خاوەن بەرژەوەندە لوبنانییەکان نیگەرانتر دەبن. لوبنان لە بواری جوگرافیەوە لەلایەن سوریاوە دەورە دراوە، لە بواری مێژوویشەوە بە بەردەوامی لە ژێر هەژمونی دراوسێ گەورەترەکەیدا بووە. بەو هۆیەش، رەنگە چاوڕوانی ئەوەی کە لوبنان بەو هەموو ناکۆکیە تائیفیەوە لە رووداوەکانی سوریا پارێزراو بێت واقع بینانە نەبێت.

**هێرشەکەی ئیسرائیل بۆ سەر سوریا پەیامێک بوو بۆ ئێران**

سەرەتای مانگی ئایاری رابردو بۆ جاری دووەم فڕۆکە جەنگیەکانی ئیسرائیل چەند ئامانجێکیان لە ناو خاکی سوریا بۆردومانکرد و بە وتەی بەرپرسانی ئیسرائیلی ئامانجی ئەو هێرشکردنە ئامانجی



کۆگایەکی موشەکەکانی ئێرانە کە رەوانەی لوبنان دەکرا.

ئەگەری ئەوە لە ئارادایە ئامانجی ئەو هەنگاوەی ئیسرائیل گەیاندنی چەند پەیامێک بە وڵاتان و گروپە جۆراجۆرەکانی ناوچەکە بێت. لەوانە پەیامی یەکەم بۆ حزبوڵڵای لوبنانە و ناوەرۆکی پەیامەکەش ئەوەیە کە ئیسرائیل سورە لە سەر تەمێکردنی حزبوڵڵا بە هۆی هەوڵەکانیەوە بۆ بەزاندنی هێڵە سورەکانی ئیسرائیل.

ئیسرائیل دەیان جار دوپاتیکردوەتەوە کە گواستنەوەی چەکی پێشکەوتوو، بە تایبەت موشەک و چەکی کیمیاوی لە رێگای سوریاوە بۆ لوبنان هێڵی سوری دەوڵەتی ئیسرائیلە.

حزبوڵڵا لە کۆتاییەکانی کانونی دووەمی ئەمساڵدا هەوڵیدا ئەو هێڵە سورە ببەزێنێت دوای ئەوەی کە ئیسرائیل هێرشی کردە سەر کاروانێکی چەک و تەقەمەنی حزبوڵڵا.

سەرباری ئەو هێرشە، پێدەچێت هێشتا حزبوڵڵا بەو ئەنجامە نەگەیشتبێت کە ئیسرائیل سوربێت لە سەر پاراستنی هێڵە سورەکانی، بۆیە جارێکی تر هەوڵیدا ئەو هێڵە سورە ببەزێنێت.

بەو هێرشە نوێیە حکومەتی ئیسرائیل هیوادارە ئەمجارە حەسەن نەسروڵڵا قەناعەتی بە سوربوونی ئیسرائیل لەو بارەیەوە کردبێت.

پەیامی دووەمی ئیسرائیل بۆ بەشار ئەسەدی سەرۆکی سوریایە. ئیسرائیل نیگەرانە بەرامبەر بە نەبوونی کاردنەوەی ئەمریکا لە دژی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە لایەن هێزکانی سەر بە بەشار ئەسەدەوە.

لە ئیسرائیلدا ئەو بۆچوونە جێکەوتووە کە ئۆباما هێڵێکی سوروی بۆ ئەسەد دیاریکردوە، کە بەو پێیە ئەگەر بەشار ئەسەد چەکی کیمیاوی بەکارهێنا ئەوا لەلایەن حکومەتی ئەمریکاوە رووبەڕووی کاردانەوەی توند دەبێتەوە.

لەم دوایانەدا چالاکانی مافی مرۆڤ ئاشکرایکرد کە حکومەتی سوریا چەکی

> ئیسرائیل دەیان جار دووپاتیکردوەتەوە کە گواستنەوەی چەکی پێشکەوتوو، بە تایبەت موشەك و چەکی کیمیاوی لە رێگای سوریاوە بۆ لوبنان هێڵی سوری دەوڵەتی ئیسرائیلە

کیمیاوی بەکارهێناوە و تەنانەت هەندێک ناوەندی ئەمریکاش پشتڕاستیان کردەوە، بەڵام هێشتا حکومەتی ئەمریکا کاردانەوەیەکی توندی لەو بارەیەوە نیشان نەداوە، ئیسرائیلیەکانیش بەو ئەنجامە گەیشتوون کە نابێت زۆر متمانە بە هێڵە سورەکانی ئۆباما بکەن.

بۆیە پێدەچێت پەیامی ئەو هێرشەی ئیسرائیل بۆ ئەسەد ئەوە بێت کە:»رەنگە ئۆباما پابەندی هێڵە سورەکەی نەبێت، بەڵام ئیسرائیل پابەندە بە هێڵی سوروی خۆیەوە».

ئەگەرێکی دیکە ئەوەیە کە ئیسرائیل بەو هێرشەی ئۆباما ناچار بکات کاردانەوە بەرامبەر بە هێرشە کیمیاویەکانی ئەسەد نیشان بدات.

نەبوونی کاردانەوەی ئۆباما دەتوانێت زیان بە متمانەی سەربازی ئەمریکا لە ناوچەکە، بە تایبەت لە نێوان هاوپەمانانی ناوچەییدا بگەیەنێت.

ئەگەری ئەوەش لە ئارادایە ئێرانیش نیگەرانی ئەوە بێت کە هێرشەکانی ئەمدوایانەی ئیسرائیل بۆ زیان گەیاندن بە بەرژەوەندیەکانی ئەو وڵاتە بێت. روخاندی بەشار ئەسەد کێشەی گەورە دەخاتە بەردەم ئێران لە رەوانەکردنی چەک و تەقەمەنیدا بۆ حزبوڵڵای لوبنان.

حکومەتی ئێران هەوڵدەدات بە رەوانەکردنی موشەک لە رێگای سوریاوە بۆ لوبنان، جبەخانەکانی حزبوڵڵا پڕ بکات بۆ کاتی پێویست، ئەوەی کە ئیسرائیل راستەوخۆ هێرشی کردوە، لە بواری سەربازییەوە بە تەواوەتی بە زیانی ئێرانە. لە هەمان کاتدا ئەو هەنگاوەی ئیسرائیل دەرەنجامێکی درێژماوەی ستراتیژیشی بۆ حکومەتی تاران دەبێت.

ئێران و سوریا هاوپەیمانی سەربازین، عەلی ئەکبەر ویلایەتی راوێژکاری عەلی خامنەیی بۆ کاروباری دەرەوە پێشتر رایگەیاندبوو هێرشکردنە سەر سوریا بە واتای هێرشکردنە سەر ئێرانە. ئەوەش هێڵێکی سوربوو کە بەرپرسانی ئێران دیاریان کردبوو، تا ئێستا دوو جار ئێسرائیل ئەو هێڵە سورەی بەزاندوە، بەڵام ئێران هیچ کاردانەوەیەکی نەبووە.

حکومەتی ئیسرائیل هیوادارە بەوەی کە بەو رەفتارەی کۆماری ئیسلامی ئێران، هاوپەیمانەکانی لەوە تێبگەن کە هێڵی سوری ئێران متمانەی نییە و لە داهاتووشدا ئەگەر ئەوان رووبەڕووی وەها گرفتێک بوونەوە، توشی وەها دۆخێک دەبن.

بە هەرحاڵ، بە پێچەوانەی پێکدادانەکانی ئەم دوایانە، ئێران و ئیسرائیل بەرژەوەندی هاوبەشیان لە سوریادا هەیە. سەرکەوتنی گروپە توندڕەوە سونەکان لە سوریا بە زیانی هەردوو وڵاتی ئیسرائیل و ئێرانە.

هەر بۆیە، بۆ بەرژەوەندی نیشتمانی درێژماوە خراپ نییە، گەر بەرپرسانی ئەو دوو وڵاتە بیر لە گفتوگۆ و تەنانەت هاوکاری ژێربەژێر بکەنەوە.

**سەرچاوە: سایتی** (BBC)**ی فارسی**